# کارڵ مارکس





و/ هێمن مەحمود

نوسەری ئەم کتێبە (مانوێڵ خیمینیز سورینا)ی لێکۆڵیارە کە تایبەتمەندە بەکارل مارکس و فەلسەفەکەی، لەم کتێبەیدا وێنەیەکی گشتیمان دەداتێ لەبارەی ژیان مارکس و کارەکانیەوە، سەرەڕای ئەوەی کەشیوعیەت هەرەسی هێناوەو بەمدوایانەش مارکسیەت زۆرێك لە راستگۆییەکانی خۆی لەدەستداوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش ژیانی دامەزرێنەرەکەی شوێنی گرنگیپێدانی ئەو لێکۆڵیارو تایبەتمەندانەیە کە کار لەکاروبارە ئایدۆلۆژییەکاندا دەکەن.

لەسەرەتاوە نووسەر دەنوسێ (کارڵ مارکس) لە5ی مایۆی ساڵی 1818 لەئەڵمانیا لەدایك دەبێت و لە14ی مارسی 1883 لەلەندەن کۆچی دوایی دەکات، ئەمەش واتە 65 ساڵ ژیاوە،و لەنێوان ئەو دوو مێژووشدا جیهان شایەتی دەرکەوتنی کەسایەتیەکی فیکری و سیاسی دەدات کە کاریگەرییەکی گەورە بەسەر نەوەکانی دواییەوە بەجێدێڵێ.

مارکیس بە ڕەخنەگرێکی سەرسەختی سەرمایەداری دەناسرێت سەرەڕای ئەوەش کەدانیناوە بەوپێشکەوتنانەی کە بورژوازییەت وەك توێژێکی کۆمەڵایەتی و عەقڵانی و زانستی بەدەستیهێناوە.

هەروەها فەلسەفەکەشی بەوە دەناسرێتەوە کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی کورتکردۆتەوە بۆ ململانێی نێوان سەرمایەداران و پرۆلیتاریەکان.

ئەم تێڕوانینی لەیەککاتدا ڕاستەو ناتەواویشە،و تەنها بەسەر کۆمەڵگا ڕۆژئاوایە پیشەسازییەکاندا دەگونجێت کە پڕیەتی لە کارگەو کرێکار.

تاوەکو ئێرە سەرنجی ئەوە دەدەین کەسەرمایەداری زیرەکانە مامەڵەی کردووە کاتێك ئاستی ژیانی کرێکاری بەرزکردەوە و تیورەکەی مارکسی دەربارەی شۆڕشی چاوەڕواننکراو و هەرەسهێنانی سەرمایەداری پوچەڵکردەوە.

دواتر نووسەر دەنوسێ: باوکی پارێزەر بووە ولەبنەچەدا جولەکەبووە، بەڵام ساڵی 1824واز لەجولەکەیی دەهێنێت و هەرچوار مناڵەکەشی ئاینی زۆرینەی ئەڵمانیا (مەسیحیەتی پرۆستاتی)هەڵدەبژێرێن ،ئەوکات مارکس تەمەنی تەنها شەش ساڵە، کاتێکیش مارکس لەشارەکەی خۆی بڕوانامەی بەکالۆریا بەدەستدەهێنێت، دەڕوات بۆ(بۆن )بۆ خوێندنی یاسا،لەوێشەوە دەڕوات بۆ زانکۆی (پەرلین) بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی و گرنگیدان بەمێژوو فەلسەفە بە پلەی یەکەم، ئەوەش زانراوە کەیادەوەری (هیگڵ) تاوەکو ئەوکاتە زیندو بەهێز بووە بەو سیفەتەی کە مامۆستایەکی گەورەی فەلسەفەبوە لەزانکۆی پەرلین و خاوەنی تیۆرە بەناوبانگەکان بووە کە کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر مارکس و نەوەکەی.

بەڵام (مارکس) نەیتوانی لەسەر دەستی (هیگڵ) راستەوخۆ بخوێنێ ئەویش لەبەرهۆیەکی زۆر بچووك، چونکە (هیگڵ) لەساڵی 1830 دەمرێت، واتە ئەوکاتەی (مارکس) تەمەنی (18)ساڵان دەبێت و نەگەشتونەتە شاری پەرلین بۆ خوێندن، مارکس لەساڵی 1841 تێزی دکتۆراکەی پێشکەشی زانکۆی (پەرلین)دەکات کە لەژێر ناوی (جیاوازی لەفەلسەفەی سروشتیدا لەلای هەریەك لەدیکریتس و ئەبیکۆر )کە دوو فەیلەسوفی کۆنی یۆنانین.

دواتر نوسەر دەنوسێت، لەپەرلین مارکس دەرواتە ئەو بازنە رۆشنبیریانەی کە پێیان دەوترا چەپی هیگڵی، ئەوە دەزانین کە فیکری هیگڵی دوو رەوتی هاوکاتی لەگەڵ خۆیدا دروستکرد، یەکەمیان ڕەوتێکی راستڕەوی موحافیزکارو دوەمیشیان رەوتێکی چەپی شۆڕشگێڕانە، کە بەناوبانگترین هیگڵیە چەپڕەوەکانیش (پرینوپاریر)و (فویەرباخ).

ئەوە شتێکی زانراویشە کەئەمەی دواییان (فیویەرباخ) بە رەخنەگرێگی قوڵ لەزانستی لاهوتی مەسیحیەت ناسراوە هەر لەساڵی 1836ەوە، واتە بەپێنج ساڵ دوای مردنی هیگڵ، (فیویەرباخ) زیاتر رووە ومادییەتێکی رووت هەنگاوی دەنا: واتە لەکۆتاییدا روەو ئیلحاد ،ئەمەش دژی میسالیەتەکەی هێگڵ بوو کە هەوڵی رێککەوتنی دەدا لەنێوان ئاین و فەلسەفەدا، یان لەنێوان ئاسمان و زەویدا، ئەوەش شتێکی زانراوە کە مارکس زۆر سەرسامبووە بە (فیویەرباخ)و رێگای ئەوی گرتوە.

(فیویەرباخ) لەکتێبی (جەوهەری مەسیحیەت)دا ئەم بیروڕانەی خۆی دەبڕیوەو هەوڵی ئەوەی دەدا کە جەدەلیەتی میسالی هیگڵ بەشێوەیەکی مێژووی و زانستی لەپێناوی تێگەیشتن لەواقیع بەکارهێنی، بەمانایەکی دیکە ئەو فەلسەفەکەی هیگڵی بەمیسالیەتەکەی (حرف)بۆ ئەوەی واقیعیانە بێت یان مادییەتێکی روتبێت.

دواتر نوسەر دەنوسێ: لەساڵی1842 مارکس تەمەنی 24 ساڵان دەبێت کاتێك چەند بورژوازێکی رادیکاڵی پێشنیاری سەرنوسەرێتی رۆژنامەکەیان لەشاری (کۆلۆنیا) خستە بەردەستی، ئەو رۆژنامەیەی کە دژی سیاسەتەکانی حکومەت بوو وەپێشی وابوو کەحکومەتێکی کۆنەخوازی موحافیزکارە، مارکس ئەم پێشنیارەی پێخۆشبوو لەکاتێکدا کە دەرگاکانی زانکۆ بەتەواوەتی لەبەردەمیدا داخرابوو.

کارل مارکس لەم رۆژنامەیەدا ئاراستەی دیموکراتیەتی شۆڕشگێڕانەی زیاتر پەرەپێدا، بەڵام حکومەت لە بۆسەدابو بۆی، هەربۆیە چاودێریەکی وردیان خستە سەری، دواتریش لەساڵی 1843حکومەت بڵاوکردنەوەی راگرت ،هەر چەندە مارکس بەرلەو بڕیارەش ناچار بوو دەست لەکاربکێشێتەوە لەپێناوی رزگارکردنی رۆژنامەکە، بەڵام بێ سود بوو.

مارکس لەساڵی 1842 هاوڕێی منداڵی خۆی (جینی ویستڤالین) کەماوەیەکی زۆر دەزگیرانی بوو دەهێنێت، هەربۆیە ئەم ژنهێنانە بەرهەمی خۆشەویستییەکی راستەقینە بوو،دەزگیرانەکەشی لەخێزانێکی ئەرستۆکراتی (پرۆسی) بەناوبانگ بوو.

لەسەردەمێك لەهەرە سەردەمە کۆنەخوازو سەرکوتکەرەکانی مێژووی حکومەتی (پرۆسیدا) برایەکی وەزیری ناوخۆبوو، کە لەنێوان ساڵانی (1850-1858)دابوو.

ئەم بڕیارە سیخوڕێك دەنێرێت بۆ لەندەن بۆ سیخوڕیکردن لەسەر مێردی خوشکەکەی کە ئەوکات لەلەندەن دەژیان، تەنانەت ئەم سیخوڕە دەڕواتە ماڵەوەیان و بەشێوەیەکی ورد چاودێریان دەکات و راپۆرتێکی بەناوبانگ دەنوسێ کە تاوەکو ئێستاش لەئەدەبیاتی پۆلیسی و سیخوڕیدا پارێزراوە.

دواتر مارکس لەگەڵ ژنەکەیدا لەساڵی 1842 دەڕوات بۆ (پاریس)و لەوێ رۆژنامەیەکی رادیکاڵی دەردەکات بەناوی (الحولیان الفرنسیە-الالمانیە)کە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، لەم رۆژنامەیەدا کەسێك بەناوی (ئەرنۆلد رۆچ) (1802-1880) هاوکاریبووە، بەڵام دواتر جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە، چونکە مارکس زیاد لەپێویست رادیکاڵی وشۆڕشگێربووە.

ئەوکات ئەم دروشمەی هەڵگرتبوو (پێویستە رەخنە لەهەموو شتێك بگرین بەشێوەیەك کەهیچ ئاسانکارییەك یان رەحمێکی تیانەبێت) و هەروەها (رەخنەی چەك هەرگیز ناتوانێت جێگای چەکی رەخنە بگرێتەوە).

هەرلەوماوەیەشدا مارکس هەموو هیوایەکی خۆی خستە سەر جەماوەری (پرۆلیتاریا)لەپێناوی گۆڕینی شتەکاندا.

دواتر نوسەر دەنوسێ: لەساڵی 1844 کاتێك ئەنگلز لەسەردانێکی تایبەتدا دەبێت لەپاریس چاوی بە مارکس دەکەوێت، دواتریش دەبێت بەهاوڕێیەکی بەوەفاو خۆشەویستی، (ئەنگلز)یش وەك مارکس ئەڵمانی بوو، بەڵام لە خێزانێکی دەوڵەمەند

،هەروەك ماركس فەلسەفەی هیگڵیی خوێندبو وە زۆریش پێی سەرسامبوو، بەڵام ئەو شەرعیەتە فیكرییەی ڕەتكردەوە كە هیگڵ لەدەوڵەتی پرۆسی موحافیزكاریداماڵیبو.

لەساڵی 1842 (ئەنگلز)شاری (بریم)ی ئەڵمانی جێدێڵێت بۆ ئەوەی پەیوەندیبكات بەو كۆمپانیا بازرگانیەی كە باوكی لەشاری (مانجستەر)ی ئینگلیزی هەیبوو.

هەرلەوێش ئاشنای ئەو ژیانە قورس و ناخۆشەی كرێكارەكانی كانەكان دەبێت، بەچاوی خۆی ئیستغلالكردنی ئەوان دەبینێ لەلایەن خاوەن كارەكانەوە، هەربۆیە لەساڵی 1845 لێكۆڵینەوەیەك بەناوی( بارودۆخی چینی كاریگەری لەئینگلتەرا )دەنوسێ هەربۆیە چاوپێكەوتنی بەماركس لەوكاتەدا لەكاتی خۆیدا بوو، چونكە هەردوكیان سەربەهەمان ڕەوتی فەلسەفی و سیاسی بو ن و هەمان ئامانج و هیوایان هەبوو هەر بەدوای ئەو چاوپێكەوتنە ماوەیەكی كورت (ماركس و ئەنگلز)یەكەمین كاری گرنگی و پێگەیشتووی خۆیان لەكارە فەلسەفییەكانی ماركسیەت نوسی كەئەویش( ئایدۆلۆژیای ئەڵمانییە).

دەتوانین بڵێن ئەم كتێبە بنەما عەقائدییەكانی ئایدۆلۆژی ماركسیەتی دریژ: واتە مادییەتی مێژوویی ، بۆیەكەمجاریش

(ماركس) ڕەخنەی لەمامۆستاكەی (فیویەرباخ) گرت و هێرشی كردە سەر بۆچونە نامێژووییەكانی لەسەر فەلسەفەی مادییەت.

(ماركس و ئەنگلز)هەر بەتەنها پەیوەندی لەگەڵ (فیویەرباخ) نەبڕی، بەڵكو لەگەڵ مامۆستا گەورەكەی دیكەشیان (هیگڵ)؛ واتە لەگەڵ تێڕوانینی ئەو بۆ فەلسەفەی مێژوو.

(ماركس)لەتێزەكانیدا دەربارەی (لۆدفیگ فیویەرباخ) ئەم ڕستە بەناو بانگەی نوسیوە: فەیلەسوفەكان هیچیان نەكردووە بەدرێژاییە مێژوو جگە لەتەفسیركردنی جیهان بەشێوەی جیاواز جیاواز ئێستاش كاتی ئەوەهاتووە كە بگۆڕێت.

كتێب/ كارل ماركس

بڵاوكردنەوەی ئەدیات میبروس – لەندەن2005

لاپەڕە/ 192 لاپەرەی گەورە.

سایتی البیان